



موئەیەد تەیب

# زمانی کوردی

زمانی ئێمە، زمانی شیرینی کوردی، زمانێکی رەسەن و کەونارە و ئەمرۆ پتر لە (٢٥) ملیۆن مرۆڤ قسەی پێ ئەکەن.

زمانی کوردی، جگە لە هەر چوار پارچەی کوردستان و جگە لە هەر ئەو چوار دەوڵەتانەی کوردستان لە نێوانیاندا پارچە پارچە کراوە (تورکیا، ئێران، عێراق و سوریا) لە چەندین وڵاتی دیکەشدا -ئەوانەی کوردییان لێ ئەژین- بە کاردێت وەک.. لوبنان، ئەرمەنستان، گورجستان، ئازەربێجان، تورکمانستان و کازاخستان.

زمان، ئاخاوتنی کۆمەڵە خەڵکێکە کە لەو رێیەدا لە یەکدی ئەگەن و دانوستاندنی پێ ئەکەن.

کاتێک ژمارەی ئەو خەڵکانە، لەگەل بەسەر چوونی کاتدا، لە چەند دە هەزارێک یان چەند سەد هەزارێک ئەبێتە چەندین ملیۆن، ئەم خەڵکانە لە یەکدی دوور ئەبن و لەئەنجامی ئەم دوورکەوتنەوەیەدا جیاوازییەک ئەکەوێتە ئاخاوتنیان و لەو جیاوازییەدا دیالێکت پەیدا ئەبن و لە دیالێکتەکانیش زار.

بۆ نموونە، کرمانجی، لۆری، زازاکی.. هتد دیالێکتی زمانی کوردین. بەڵام بەهدینی، بۆتانی، هەکاری... زاری دیالێکتی کرمانجیە، لە زمانی کوردیشدا وەک هەموو زمانەکانی دیدا چەند دیالێکتێک هەنە.

زمانزانانی کورد، زمانی کوردی دابەش ئەکەنە سەر پێنج دیالێکتی سەرەکی:

١- کرمانجی ژوورو (بەهدینی، بۆتانی، هەکاری..).

٢- کرمانجی ناوەڕاست (سۆرانی، موکریانی..).

٣- کرمانجی ژێروو (لوڕی، فەیلی..).

٤- دملی یان زازاکی.

٥- گۆرانی / هەورامی.

تێبینی: گەلێک جار سۆرانی وەک کرمانجی ژێروو ناسێندراوە.

# گوندێ مە — دێیەکەی ئێمە
# دەوا ما — دەگا ئێمە

## کرمانجی

گوندێ مە ل جهەکێ خۆشە.
جهێ وی دەشتە.
دەوروبەرێ وی مێرگ و چیمەنە.
ئاڤ و بایێ وی یێ پاکە.
گوندیێن مە کار دکەن.
هندەک جۆتیارن.
هندەک ژی رەزڤانن.
ئەز شڤانم.
برایێ من ژی گاڤانە.

## سۆرانی

دێیەکەی ئێمە لە شوێنێکی خۆشە.
شوێنەکەی دەشتە.
دەوروبەری مێرگ و چیمەنە.
ئاو و هەوای خاوێنە.
خەلکی ئێمە کار دەکەن.
بەشێکیان جووتیارن.
بەشێکیش باغەوانن.
من شوانم.
براکەمیش گاوانە.



## زازایی

دەوا ما جایێدۆ وەش درا.
جایێ ج دەشتا.
دۆرمەیێ ج مەرگ و چیمەنۆ.
ئاو و هەوایێ ج پاکۆ.
شارێ ما رند خەفتێنۆ.
تاین جتێرێ.
تاین زی باخچیوانەیی کەنێ.
ئەز شوانە یا.
برایێ من زی گاوانۆ.

## هەورامی

دەگا ئێمە نەیاگەی وەشەنە.
دەشتایی یەن.
چواردەوی سەوزە و چیمەنەن.
ئاو و هواش وەشەنە.
پیاکێمان گرد هەرمانکەرێ نێ.
برەیشان هیتیارێ نێ.
برەیشان باخەوانێ نێ.
ئەمن شوانە نان.
براکەمیش گاوانەن.